# ژن چۆن دەتوانێت نیوە بەتاڵی پەرداخەکە پڕ بکات؟.

کازیوە ساڵح

## بەشی سێهەم

### ئاماری پۆستی سەرکردایەتی ژنان لە بواری ڕامیاریدا .

لە نێوان زیاتر ١٨٥ دەوڵەتدا تەنێ ١١ دەوڵەت ژن سەرکردایەتی دەکات ئەمەش ناوی ئەو ١١ بەسەنتەری بڕیار گەشتوو و وولاتەکەیانە :

| | |
|---|---|
| ١- هیلین کلارک | سەرۆک وەزیرانی نیوزیلەند |
| ٢- تاریا هالۆنین | سەرکردەی فنلەندایە |
| ٣- ماری ماکالیس | سەرۆکی ئیرلەندەیە |
| ٤- شاندریکا کوماراتونجا | سەرۆکی سریلانکایە |
| ٥- مادیو ربوبی | سەرۆکی سنگال |
| ٦- فایرافایکی / فرایبرغا | سەرۆکی لاتفیا |
| ٧- جنیڤێر سمیت | سەرۆکی برمودا |
| ٨- گلۆریا میکیگال | سەرۆکی فیلیپین |
| ٩- میگاوتی سوکارتو | سەرۆکی اندونوسیا |
| ١٠- خالدە زیا | سەرۆک وەزیرانی بەنگلادش |
| ١١- میریا موسکوسو | سەرۆکی پەنەما |

ئەو ژنانەی لە جهیاندا پۆستی بریکاری سەرۆکیان وەرگرتووە لە کاروباری حکومەتدا لە جیهاندا ژمارەیان تەنها (٤) ژنەو پێک هاتوون لە:-

| | |
|---|---|
| ١- ئەیساتو ناجیە سەعیدی | بریکاری سەرۆک وەزیرانی گامبیا |
| ٢- ئەتسرەید فیشەل فۆلیو | بریکاری سەرۆک وەزیرانی کۆستریکا |
| ٣- میلاگرۆس ئاورتە زبۆش | بریکاری سەرۆک وەزیرانی دۆمینیکەن |
| ٤- ئەنتی لۆ | بریکاری سەرۆک وەزیرانی تایوان |

**له نێو هەموو جیهانیشدا تەنیا سێ ژن دادوەری گشتیەیە. یەکەم وولاتیش کەنەدایە کە بەو هەنگاوە گرنگە هەڵساوە. ئەوانیش :**

**١- ئەدریان کلارەکسەن دادوەری گشتی کەنەدا**
**٢- شیلا کاراترایت دادوەری گشتی نیوزیلەند**
**٣- بیرلەیتی لویزی دادوەری گشتی سانت لویس**

**له هەموو جیهانیشدا تەنیا ٥ ژن سەرۆکی حیزبی ئۆپۆزیسیۆنن ئەوانیش:**

**١- سۆنیاگاندی سەرۆکی حزبی کۆنگرە / هیندوستان**
**٢- وان عەزیزە اسماعیل سەرۆکی حزبی دادی نەتەوەیی / مالیزیا**
**٣- ئایۆنگ سان سوکی سەرۆکی حزبی کۆمەڵەی نیشتمانی له پێناوی دیموکراسیدا / بۆرما**
**٤- جەتنی شیللی سەرۆکی حزبی نیشتمانی / نیوزیلەندا**
**٥- ئەنجێلا میرەکل سەرۆکی یەکێتی دیموکراتیخوازنی کریستان (سی دی یو) ئەڵمانیا**

**ئەو دەردە کوشندەی ژنانی تێوە گلاوە له جیهاندا تەنها سەنتەرەکانی سەرکردایەتی و دادوەری و نیە، تەنانەت له پەرلەمانەکانیشدا هەمان هەڵاوارد کردن بەدی دەکرێت و ژنان و لاوان له جیاتی پەرلەمان لەو دیوی پەردەی فەرامۆشکردنەوەن ئەمەش دەتوانین بە ئامار بسەڵمێنین له سەرجەم جیهان تەنها ڕێژەی ١٣%ی ژنان بەشداری پەرلەمانەکانی جیهانن له وانەش ، وولاتە پێشکەوتوو زلهێزەکانن وەکو ئەمریکا و فەڕەنسا و یابان دیسان فەراموشکردن و کەمتەرخەمی بە کاری ژنان و ڕێژەی بەشداربوونیان دیارەو ئاماری هەریەک لەو وولاتانەش ئەوە دەسەڵمێنن کە بانگەشەی ساختەکانیان دیموکراسی له هەناویدا دڕندەیەکی پاتریاک و دیکتاتۆری حەشار داوە.**

**١- ئەمەریکای زلهێز تەنها ١٢،٢ % ڕێژەی ژنانی بەشداربووی نێو پەرلەمانەمە.**
**٢- فەڕەنسا بە ڕێژەی ١٠،٩ %.**
**٣- یابان بە ڕێژەی ٤،٦ %.**

**هەر ئەو سێ وولاتە زلهێزە و کێبڕکێ کەرەی دیاردەکانی جیهانگیری له غەفڵەتدا نازی بەرامبەر مافەکانی ژنان بەڵکو زۆرینەی جیهانی سیاسەت و وولاتانی دیش زۆر له خوار وولاتانی زلهێزەوە**

ئاوریان له چارەنووسی ئافرەت داوەتەوە. ڕێژەی بەشداری ژنانی پەرلەمانی ئەو وولاتانە دا حاشا هەڵنەگری ئەو ڕاستیەن لەوانەش:

| | |
|---|---|
| ١- ئەرجەنتین | ٢٧،٦ % |
| ٢- ڤیتنام | ٢٦% |
| ٣- نامیبیا | ٢٢،٢% |
| ٤- نەتەوە ئەفریقیەکان | ١٢% |
| ٥-سەرجەم ئەمریکا و ئەوروپا | ١٦% |
| ٦- سەرجەم وولاتە عەرەبیەکان | ٤،٦ % |
| ٧- مەغریب | ٠.٦ % |
| ٨- فەلەستین | ٦ % |
| ٩- نیجریا | ٧،٥ % |

وە تەنێ (نەمسا) یەکێک لەو وولاتانەیە کە ژن هەڵبژێردراوە بۆ سەرۆکی پەرلەمان و هەتا ئێستا لە جیهاندا لەبری ١٧٨ پەرلەمان تەنها ٣٦ ژن سەرۆکی پەرلەمانن و ٦٠ پەرلەمانیش لە جیهاندا خاوەنی مەجلیسی تەشریعین. تا ئەمرۆکەش تەنها (نیوزلندا) هەموو مافە سیاسیەکانی بە ژن بەخشیوە، هیچ ژنێکی لە مافی سیاسی بێ بەش نەکردووە .
هەتا ئێستا لە جیهاندا تەنها سوێد ڕێژەی بەشداربووانی پەرلەمانی یەکسانە ئەویەکسانیەشی لە ساڵی ١٩٩٥ وە بە دەستهێناوە لەو کاتەوە پەرلەمانی سوێدی ٤٢% ی ئافرەت بوون.
لە نێو هەموو وەزیرەکانی جیهاندا ژن تەنها بەڕێژەی ٧% یان وەزیرن ئەویش لە هەموو بوارەکان زیاتر ڕوویان کردووەتە بوارە کۆمەڵایەتییەکان لە وانەش:
١٤ % وەزیری کۆمەڵایەتین بەراورد بە بوارەکانی دی.
٩،٤ % لە بواری دادوەریدا.
٤،١ % لە بواری ڕامیاریدا دەسەڵاتیان وەدەست گرتووە.
٢،٤ % کاروباری سیاسیان وەئەستۆ گرتووە.
٢،٩ % کاروباری جێ بە جێ کردنیان لەسەر شانە.

وە هەتا ئێستا تەنها(٩) ژن لە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری باڵوێزی (سفیر) یان خراوەتە دەست ئەوانیش باڵوێزی ئەم وولاتانەن ١ -جامایکا ٢- کازخستان ٣- لیشنستاین ٤- سۆماڵ ٥- تورکەمەنستان ٦- قیرگزستان ٧- گوینا ٨ – فنلەندا ٩- لیبریا
لە کاری بەڕێوەبردن و جێ بە جێ کردندا تەنها ٩% ی پۆستە باڵاکانی بەڕێوەبردنیان دراوەتێ ٢١ % ی سەنتەرە باڵاکانی بەڕێوەبردنیان خراوەتە ئەستۆ ٤٨ % دراوە بە ژن دیسان بۆ شوێنە خزمەتگوزاریە سیڤیلی و زانستیەکان لە بە پۆستی خوارتر ناوزەد دەکرێن.

## ژن چۆن دەتوانێت نیوەی پەرداخەکە پڕ بکات؟.

ئەمەیان ئاماژەمان پێ کرد بە ڕەخنەگرتن لە عەقڵ و کردار ، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئافرەتی کورد خۆی بخاتە نێو تاقیگای ئەو شۆڕشە دەروونیە، فاکتەرەکانی دەست بەرکردنی ئەو شۆڕشە خستنە ژێر پرسیاری خودە. بۆ ئەوەی لە دەرئەنجامدا بگەین بە ژێر پرسیار خستنی سەرجەم سیستمی پاتریاکی. ئەو ژێر پرسیار خستنەش بەوە دەکرێت کە سیستمێکی باڵاتر لەوەی هەیە و ئەو لە ناویدا ڕاڤەی خەونەکانی خۆی تێدا دەکات دروست بکات. دەکرێت ئەو سیستمەش ئایدیای فمینیستی بێت لە نێو تاقیگەی فمینیستیدا. پێویستە سەرەتا ژن بە خۆیدا بچێتەوە کە لە کوێدایە؟ کاری چییە؟ شوناسی چی؟ ئامانجی چییە ؟ لە هەمووشی گرنگتر ئایە ڕێگەیەکی مەشروعی گرتووە بۆ بە دیهێنانی ئامانجەکەی .

لەمەیاندا پێویستە هەندێ شتی زۆر ساکار بخەینە ڕوو بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە لە وانەی کە خۆم بینیومەکە بەداخەوە لە ژنانێک وەشاوەتەوە خۆیان بە داکۆکیکاری ژن دەزانن...ژنێک کە هەنگاو دەنێت بەرەو فمینیزم چۆن دەست دەکات بە ڕەخنەگرتن لە خود.

١- ئەگەر تۆی ژن لە ڕێکخراوێکی ژناندا لەوانەی کە حیزبەکان وەکو هەر ڕێکخراوێکی پزیشک و خوێندکار / قوتابی، ئەندازیاریان کردووەتەوە بە ئێوە کە توێژێک لە چین و توێژەکانی کۆمەڵی بۆ ڕێک بخات، ئەوە بێگومان ئەو ژنە فمینیستە نیە چونکە فمینیست ئەو مرۆڤە نیە ئەو ژنە نیە کە لایەنێکی پاتریاکی وەکو ئامێری جێ بە جێ کردنی ئایدیای پاتریاکی بەکاری دەهێنێت.جیهانبینی پاتیاکی قبوڵ نیە و ڕەخنەی لێدەگرێت .

٢- ئەگەر تۆ لە ڕێکخراوێکی بەناو سەربەخۆی لەوانەی لە ناوەوە یان لە دەرەوەی کوردستان دامەزراون ، بەلام متمانەیان ماددی و مەعنەوی خستووەتە سەر دەسەڵاتەکان و بە ناوی مافی ژنەوە دەسەڵاتەکان لە خۆیان و خۆیان لە دەسەڵاتەکان نزیک دەکەنەوە و ژنانی کەنار گرتوو بەمەش مەینەتی و چەوساوە و کرێکارت هەڵاوردوی دوورن لە کیشە سەرەکیێکان، تۆ فمینیست نیت ، چونکە فمینیست ئەو مرۆڤە نیە کە خەونی باڵابوونی لەگەڵ دەسەڵاتە جیاوازیەکاندا هەیە، ئەو مرۆڤەیە کە خەون و مەینەتی و ئازارەکانی ژنان لە نوییەوە دەبات بۆ باڵا، بۆیە کارکردنی لە واقیعەوە هەڵدەزنێت بۆ باڵا، لە سەرەتادا لە هۆی بەتاڵ بوونی نیوە پەرداخە دەپرسێت نەک دەست بە باڵ گرتنی نیوە پڕەکە.

٣- ئەگەر لە بوارێکی ڕۆشنبیریدایت و نارەوایی پێشکەوتنی هارڕەگەزەکەت دەبینی و پێی شێتگیر دەبیت و شێلگیرانە دەکەویتە سەرزەنشت کردن و تەکتەلول کۆکردنەوەی پاتریاکەکانی دەوروبەرت کە تۆ ئامێری جێ بە جێ کاری فەرمانەکانیت. ئەوا فمینیست نیت و جوانتر ئەو ووشەیە بەکار نەبەیت و تەنانەت خۆشت بە داواکاری مافی ژنیش ناوزەد نەکەیت چونکە فمینیست ئەو مرۆڤەیە کێبڕکێ هاوڕەگەزەکەی ناکات بەڵکو پێشبڕکێی سەرخستنی مەسەلە پیروزەکەیان دەکەن بەرامبەر سیستمی پاتریاکی. گوتاری ئافرەتانە / ژنانەی خۆی دەبێت بەرامبەر گوتاری

پاتریاکی و دەبێت جیهانبینی ژنانەی ئەو لەوە گەورەتر بێت کە هیچ گووتارێکی پاتریاکی بتوانێت گوتارێکی مێیییانە گوتارێکی فمینیستانە بهێنێتە پەراوێز ، نەک خۆی دەست تێکەڵ سیستمی پاتریاکی و نووسەرەوەی گوتارە پاتریاکیەکە بێت لە دژی گوتارە فمینیستە ئەو ژنە ، یان با بڵێین ئەو ژنە گوتار ژنانین چونکە پێشبڕکێی سەرەکی پێویستە لە سەر چونیەتی پڕکردنی بەشە بەتاڵەکەی پەرداخەکە بێت.

٤- ئەو ژنەی وێنەیەکی قەشەنگی هاوڕەگەزەکەی سەرکەوتنێکی هاوڕەگەزەکەی دەبینێت لە کەناڵەکانەوە تووشی هیستریادەبێت. بە سەدان وێنەی جۆراوجۆر و دەیان بابەتی بێژێدەر و نازانستی وناوناتۆرە بڵاو دەکاتەوەو کەف و کوڵی دڵی بەو دادەمرکێنێتەوە وا هەست دەکات ئەگەر بابەتەکانی زیاتر بوو مێژوو بە مەزنتر ناوزەدی دەکات یان مێژووی جوانتر و پڕشنگدار دەکات ،یان ئەگەر خەڵکی لەکەدار کرد خۆی جوانتر دەبێت ، خەڵکی گوناگ بار کرد گوناهە زۆر و زەوەندەکانی خۆی دەشارێتەوە یان هاوگوناە دەدۆزێتەوە و ئیتر لۆمە ناکرێت ، ئەمە کردەوەی فمینیست نیە ، بەڵکو ئەوە لە زانستی دەروونیدا پێی دەووترێت نەخۆشی کەمسەری واتە هەست بە کەمی کردن ،مرۆڤی فمینیستیش مرۆڤێکی تەواوە ، نەخوشیە دەروونیەکانی خۆی چارەسەر کردووە،باوەڕی بهکۆششە بۆ هەوڵی غۆڕینی ئەو کەلتورە داڕزاوەی ئەوی ژن بە گوناگ بار نیشان دەدات نەک پەرەپێدانی . ئەنجا توانیویەتی ببێت بە خاوەنی گوتارێکی مەعریفی فمینیستی. فمینیسم خەباتێکی بابەتیە نەک نەوعی ، خەباتێکی مەعریفییە نەک نەهلیستی، خەباتە لەسەر بابەتی پڕکردنی پەرداخەکە، چونکە دەکرێ پڕ بکرێت و لێشی بڕژێت بەڵام پڕکردنێکی بابەتی نەبێت.

لێرەدا دوو دێڕە شێعری شاعیری گەورەی کورد پیرەمێرد دەهێنمەوە، بەڵام هێنانەوەی ئەم دوو دێڕە بە مەبەست کردەوەی فمینیستە بەهەڵەچووەکەدا دەهێنمەوە نەک پەرداخەکە نیوە بەتاڵەکە.

ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا لە ئاستی مووچەخۆری خۆی
سوراحی بۆ پیاڵە سەر فرۆ دێنێ کە تێکا بۆی

پیرەمێرد لە بەخشندە مەبەستی خاوەن دەسەڵات و خاوەن کارو بە پێی بارودۆخی ئەو کاتە ئاغایە و مووچەخۆریش ، فەرمانبەر و کرێکار و وەرزێرە دەگرێتەوە لێرەدا بە مەبەستی ... کەسی یەکەم کە دەستەڵاتدارە یاخود مووچەدەری کەسانی مووچەخۆری نابێت لە دادوەری و مامەڵە و مافەکانیدا بەخشندە نەبێت بە ئارەزووی خۆی یان ئەو ناحەزانەیان لەگەڵ بکات کە کە لای ئەوانی دەسەڵات بۆیان تێدەچنین و ڕوخساریان ڕەسەن دەکەن، چۆنکە ئەوە ڕوویدا ئەو ئە و سوراحیە ئاوەی کە لێی دەکرێتە پیاڵەوە لێی دەڕژێ و فروو دەکات..

ئەو شێوەیە بە سەرجەم دەسەڵاتە جیاوازیەکاندا پراکتیک دەبێت. دەرئەنجامی..... سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، ژنانی ژنێک ئەگەر لە لووتکەی دەسەڵاتی ژنانەش دابێت،

لە لووتکەی دەسەڵات و توانای ڕۆشنبیریشدا بێت ئەگەر نەیتوانی مامەڵەیەکی مەعریفییانە و دروستی.... نەیتوانی لەبری هەڵوێستی لاواز و نەخۆشی لەبری کێ برکێ ناڕەوا پێویستە بەخشندە بێت و بەچاوی ڕێز گەرە لەسەرەتا سەیری خۆی بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ڕێزی بەرهەم و چالاکی خەڵکیتریش بگرێت. ئەو ژنەی دەکەوێتە نێو کارتێگەری ئیرەیی ، مرۆڤێکە کە خۆی و بابەتی خۆی لا کەمەو ناتوانێت ڕێزی بەرهەمی خۆ بگرێت ، بۆیە تووشی ئەو نەخۆشیە دەبێت، مرۆڤی فمینیست لەو جۆرە ئاکارە بێبەرییە، هەرژنێکیش تووشی ئەو قەیرانە دەروونییە بوو ئەوا بەشی دووەمی شێوەکەی بەسەردا پراکتیک دەبێت پەرداخەکەی بۆ پڕ دەکرێت و لێشی دەڕژێت ، بەڵام پڕ لە مایەپووچی خۆی و بێئۆمیدی بەرامبەر بۆی. کاتێکیش دەگات بەو ئاستە ئەوا نەک کاری بۆ بەرژەوەندی پڕ کردنی شێوە بەتاڵەکەی پەرداخەکە نەکردووە، بەڵکو هەوڵی داوە شێوە پڕەکەشی پڕ خڵتەو خەوش و لێڵی بکات.

٥- ئەو (ژنان / ئافرەتان/ خانمان) ەی خاوەنی دەسەڵاتی ژنانە و ڕاگەیاندنی ژنانەو تەنها قەڵەمی پیاوان و بایەخی پیاوانی لە دەرەوەی خۆی کۆ کردۆتەوهە ، هەمیشە چاوی لە ئاستی ژنانی داهێنەر و دەرەوەی ڕێکخراو و گروپ و حزبەکەی داخستووە و ڕاستتر بڵێم لە ناو حزبەکەشیدا چاوی ڕۆژنامەکەی خۆی و جێگەکەی لە ئاستی ژنانێکی لەخۆی داهێنەرتردا داخستووە ، ئەو ژنە نەک فمینیست نییە ، بەڵکو کەسێک نیە دەربارەی مەسەلە ساکارەکانی ژنانیش تێبگات ئەگەرچی بڵاوکراوەشی بە ووشەی ژن و کێشەی ژن مافی ژن بڕازێنێتەوە....ئەو جۆرە ژنانە تەنها هەڵگری ئاڵای پاتریاکی و لەبەر دەرگی دەزگا پاتریاکیەکاندا خۆیان پڕ چەک کردووە بۆ پاراستنی عەقلیەت و کەلتوور و سیستەمی پاتریاکی.

٦- ئەو ژنانەی شەڕی حیزبەکان دەکەن ئەوانەن کەبە هۆی کەس و کاری دەسەڵاتداری و حیزبییەوە گەشتوونەتە دەسەڵاتی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئەوانەی بە هۆی پاراستنی عەقڵیەتی پاتریاکی دەسەڵات و حیزبە جیاوازەکانەوە گەشتوون بە دەستەڵات ، هیچ کام لەوانە فمینیست نین، چۆنکە هیچ کام لەوانە خاوەنی دەسەڵاتی مەعریفی و فکری خۆیان و گوتاری ژنانە نین، بەڵکو ڕۆژانە گوڵەبەڕۆژەی گوتارە پاتریەکەکانی کە بۆیان دانراوە دەتروکێنن و ناتوانن لێشی لابدەن، ئەگەر بە ڕاستی بۆ باکگراوندی پڕ سەختی ژن بگەڕێنەوە بۆیان دەردەکەوێت کە ئەو جۆرە ژنە چاودێرەی خواستی پاتریارکی هۆی مەینەتی و سەختیانەن چۆنکە:
١- خۆیان خاوەنی هیچ جۆرەگوتارێکی ژنانە نین و بە هیچ شێوەیەکیش ڕێگە بە گوتاری ژنانە نادات دزە بکاتە نێو دەسەڵاتی پاتریاکی ئەوانەوە
ب- لەبەر ئەوەی لە نێو دەسەڵات و حیزبە جیاوازەکاندا ڕۆڵی نوێنەری کۆمەڵی ژنان بەوان دراوە. ژنانیش لەو ڕاستیە تێگەشتوون ئەگەر ڕامی عەقڵیەتی پاتریارکی ئەوان نەبن هیچ بەرگریەکیان لێ ناکرێت و کێشەکانیان بۆ چارەسەر ناکرێت ،بۆیە لە لایەک کۆمەڵێکی ژن نائومێد بوون و لە خەباتی ژنانە دوور کەوتوونەتەوە ، کۆمەڵێکی دیش لە هەر لایەکەوە ڕەشەبا بێت باراشی بە با دەکات و هەمان نەزمی پاتریاکی ئەوان پراکتیک دەکات و لە ناو کۆمەڵدا

بووە بە دەنگی دووهەمی ئەمان ، ئەمەشی بۆخۆی مەترسیدارە چۆنکە پەرەپێدەری سیستم و عەقلیەتی و پاتریاکیە، بڵاوکەرەوەی ئەو ڤایرۆسەشە لە نێو عەقڵی و هۆشی ژنانی دیشدا بە تایبەت
ژنانێک کە خۆیان خاوەنی هۆش و بیری کۆمەڵایەتی دروست نین ، ژنانێک نەخوێندەوار، ژنانێکی بەشە مەینەتی و چەوساوە کە ئەوان بە تەنها فریادڕەسی دەزانێت، کاتێکیش دەگات بۆ لای فریادڕەسەکەی ئەویش دەیباتەوە نێو عەقڵیەتی پاتریاکی بە شێوەیەکی دەمامکدار و بە کاغەزی مۆدێرن و ڕازاوە.

ج) هیچ کام لەو ژنانە ئەو پۆست و کارەی خۆی نەقۆستۆتەوە بۆ ئەوەی تەنها بۆ هەفتەیەکیش بێت یاخی بێت بانگەشەی گوتارێکی ژنانەی یەکگرتووی بدات و چوارچێوەی پاتریاکی داڕێژراو بۆی وردو خاشی بکات و تەنها ڕۆژێک ببێت بە خاوەنی مێژووی ئەو یاخیبوونە. پاشان با دەریشی کەن، نەک ساڵانێک ببێت بەخاوەنی مێژووی پارێزەری گوتاری پاتریاکی .

د) هیچ مرۆڤێکی کورد ڕۆژی لە ڕۆژان نەیبینی یەکێک لەو ژنانە بە دەنگێکی بەرز بیر بکاتەوە و ناتەواویەکانی پرۆگرامی حیزبەکەی بخاتە ڕوو. خاوەنی ئەو ڕەخنە مەعریفیە بێت کە پەرداخەکە پڕ بکات.

ه) هیچ کام لەو ژنانە جارێک یاخی نەبوون لە هەر کردەیەکی نادروست کە لە لایەن حیزبەکەیان بەرانبەر بە ژنێک دەکرێت، بە تایبەت بەرامبەر بەو ژنانەی کە لەدەرەوەی حیزبەکەی ئەوانن، ئەوەش واتا ڕازی بوون بە عەقڵ و سیستەمی پاتریاکیەو هەبوونی هەر سیمایەکی پاتریاکیش ناتوانێ خۆی لە نێو گوتاری ژنانی فمینیستیدا بدۆزێتەوە.

و) هەتا ئێستا ئەو جۆرە ژنانە نەیانتوانیوە خاوەنی ڕێسا و یاسایەکی سیڤیلیانەو گوتارێکی سیڤیلیانەی دوور لە بەرژەوەندی حیزب بن کە لە دەرەوەی کاری کۆمیتە حیزبیەکەیان بۆشاییەک هەبێت بۆ عەقل و لۆژیک ئەوانی تێدا کۆ بکاتەوە و بتوانن یەک دەنگی لە کێشەکاندا ژنانەیی لە گوتارەکاندا فەراهەم بهێنن.ئەمەش ناچێتە پێناسەی فیمنستێتەوە

٧) ئەو ژنانەش کە لە دەرەوەی ژنانی خاڵی (٦ ) سەربەخۆ ئازادن لە دەربڕیندا، ئەو ژنانەی ئەمڕۆ خەریکن بە دووی گووتارەکی فمینیستانەدا بگەڕێن دەستپێکی کارەکانیان و کۆ کردنەوەی گوتارە ژنانەکانیان لەو ژنانەوە دەست پێدەکەن کە باسمان کردن ،ئەوانیش گەر چی سەربەخۆ بن و لە ناو هیچ کام لەو ڕێکخراو و دەزگایانەدا نەبن، گەر چی خواستی گوتاری فمینیستانەیان هەبێت ، دیسان ئەوانیش فمینیست نین چونکە فمینیست گوتاری ژنچێتی نیە ، کاتێک من خۆم بە فمینیست بزانم بچم کەسانێکی داکۆکیکار و درێژەدەر بە عەقڵی پاتریاکی و حەس حەسێکی بە وەفای دەرگا ئاسنینەکانی پاتریاک لە خۆم کۆ بکەمەوە ، کەسانێک کە چاوی ژنانی داهێنەر

و سەربەخۆ نەبینێت ، ئەوا من هەرگیز نەک فمینیست نیم بەڵکو لە ئایدیای فمینیزم تێنەگەشتووم، چۆنکە بە کورتی فمینیست واتە هەبوونی گوتارێکی ژنانی مەعریفی بۆ پاڵاوتنی پەرداخە نیوە پڕەکە و پاککردنەوەی لە هەموو خڵتە و خەوشەکان و پڕکردنەوەی نیوە بەتاڵەکەیەتی ... واتا ژنێک گەر وابزانێت فمینیست واتای لەخۆ گرتنی هەموو جۆرەکانی ژنانە بەوانەشەوە کە بە هەڵە چەمکی ژن و مەسەلەی ژنان بەکار دەهێنن ئەوە ڕاست نی‌یە ، چونکە ئەو کات دەچێتە خانەی ژنچێتی‌یەوە، وەکو یەکێک لە هەموو بزووتنەوە لە سروشت دەرچووەکانی ئیسلامیو تیرۆریستی و چەپێتی و...هتد لێ دێت ، ئەوانەی کە ئایدیولۆژیایەک دەپەرستن بە بێ ئەوەی بیر لە هەڵەکانیان کەنەوە ، ئەوانە فیکرێک هەڵدەگرن و تەتەڕۆفی تێدا دەکەن . هەموو تەتەڕوفێک لە هەر ئایدیولۆجیایەک ، فیکر و بڕوایەک دا دواکەتوویەتی‌یە. ئایا ژنانێک هەندە دواکەوتوو بن تەتەڕروف بکەن لە مەسەلەی ژنێتی‌دا، تا ڕادەیەک ژنانی هەڵە لە بۆ چوون و ژنانی پارێزەری فیکری پاتریاکی پێ پەسەند بێت و بهێنێتە نێو ئەو خاڵەی دەیەوێت ببێت بە خاڵی دەسپێکی فمینیستی ، ئەو ژنە فمینیستی‌یە؟! بێگومان نەخێر ، لەبەر ئەو هۆیانەی دەستنیشانمان کرد جگە لەوەی گورزیش لە بزووتنەوەی فمینیستی دەدەات بە وەی بۆ ژنانێک کە ئۆمیدیان بە بزووتنەوەی فمینیستی بێت بۆ گۆڕینی بارودۆخی چەق بەستووی ئەوان، بێئۆمێد دەبن. بزووتنەوەی فمینیستیش بە هەمان نواندنی ڕابردوو ژنانی پراکتیکاری عەقڵی پاتریارکی سیاسی کۆمەڵایەتی دەبینن. ئەرکی فیمنست لێرەدا ئەوەیە کە بۆ ژنانی بش مەینەتی پیشان بدات ئەگەر هەڵەی ژنە دروستکراوەکان ئەمانە بن ، ئەوا هەڵویست و ڕیگەی ئێمە پێچەوانەیە ، ئەم ئاکارە زانستی و مرۆیی و ڕاستگۆیانەیە کە پیشانتان دەدەین .

٨) ئەو ژنەی وا دەزانێت مافەکانی ژن و سەربەخۆیی و ئازادی ژن ئەوەیە لاسایی پیاو بکاتەوە یاخود بە هەڵاواردنی ڕوخسارو شێوەی خۆی بەرجەستە دەبێت ئەوە نە خاوەنی گوتاری ژنانەیە و نە فمینیستی و گوتاری ژنانە دەتوانێت پەسەندی بکات، چونکە لە بنەمادا فمینیست و گوتاری ژنانە واتە پاراستنی مێیەتیی ئافرەت. ئازادی واتای پۆشینی جلی پیاوانەو ستایلی قژبڕینی پیاوانەو کردەی پیاوانە و زەبر و زەنگی زمانی پاتریاکی پیاوانەو.... تادوایی نی‌یە. ئازادی واتا گەشە کردنی هوشیاری تا ئەو ڕادەیەی کە نە مەڕ بێت بخورێت و نە گورگیش بێت بخۆیت .

٩) ئەو ژنانەی لە قسەکردن و توانای دەربڕیندا بەرامبەر ناچیزەکان بێدەنگی هەڵدەبژێرن بە واتای خۆ جێگەکردنەوە ، سەنگینی ، دیپلوماسیەت ، بەرژەوەندی بیانووی دی نارەوا ، ئەو ژنە نە داکۆکیکاری مافی ژنە و نە دەتوانێت فمینیست بێت چونکە لە ڕووی دەرونی‌یەوە خاوەنی جورئەتی ناسینی خۆی نیە هەتا بەرامبەرەکەی بناسێت. لێرەدا دەتوانم بە نمونەیەکی ڕاستەقینە مەبەستەکەم زیاتر ڕوون کەمەوە.

(جارێک ڕۆژنامەیەک ، ریپورتاژێک لەسەر کچێکی بواری ڕووناکبیری دەکات دەچێتە پرسیار لە دوو ژنی نزیک لە کچەکە دەکات کە یەکێکیان لە ڕۆژنامەیەکی گەورەی حیزبیدا کار دەکات و

لاپەڕەیەکی ژنانیشی پێ سپێردراوە، یەکێکیشیان شاعیرەو خۆ بەسەربەخۆ دەزانێت بەڵام وەلامی ڕۆژنامەکە نادەنەوە و ئەڵێن ڕاستە ئەو خانمە شایانی ئەوەیە شتی باشی لەسەر بووترێ، بەڵام ئێمە نامانەوێت هیچ بڵێین چونکە لەگەل فلانە دەسەڵات ناکۆکی هەیە جا ئێمە نامانەوێت بە هۆی ئەوەوە دڵی ئەو دەسەڵاتە بەرامبەرمان گەرد بگرێت). ڕیپۆرتاژەکە تەنیا بە ڕای پیاوان کۆتای دێت نەک ڕای ژنان ئەوانیش بڵاوی ناکەنەوە چونکە شەرم دەکە ئاستی ژن لەو ئاستەدا بێت ، بە هۆی دڵی دەسەڵات ، ترسنۆکی ، ئیرەیی و ... هتد. ئەوە ئەو لەعنەتەیە ئەمڕۆ ناوچاوانی ژنی کوردی گرتووە ، پێویستە بزووتنەوەیەکی فمینستی ئەم جۆرە ژنانە تەنها بخاتە بۆتێکی پیاوانی پاتریارکی دەسەڵاتەوە بۆ ئەوەی سەما بۆ دڵی ژەنگاویان کەن . چۆن مرۆڤێک فمنیست بێت دەتوانێت خاوەنی بزووتنەوەو فیکر و دەرکەوتەی فمینیست بێت بە کۆنتاک کردنی و متمانە خستنەسەر ئەو جۆرە ژنانە ئەگەر خۆی خاوەنی ئەو هۆش و ئیرادەیە نەبێت.

١٠) ئەو ژنانەی کە لە گەل دەسەلاتدارەکاندا بەشداری پرۆژەی ئەتک کردن و ڕووشاندنی کەرامەت و لە ناو بردنی ژن دەکات١٨ خۆیان لە ڕێکخراو سەنتەر و کۆمەڵە جیاوازیەکان ژناندا خۆی توند کردووە ، بەڵێ ئێمە ئەو جۆرە ژنەمان هەیە کە پلانی کوشتنی ژن دادەنێت ، کە دەستی سیخوری لە گەڵ دەزگا سیخورەکانی دراوسێ تێکەڵ دەکات ، کە شار بە شار دەکات بە ناوی خەلکانی تر و تەنانەت خۆی دەهێنێتە ئاستێک بە ناوی سکرتێرەیێ ژنانێکەوە کە هەرگیز حسابی بۆ نەکردووە دەچێتە ولاتان و داوای دیدار دەکات ،بەڵێ ژنانی خۆ بە فیمنست زان ئێمە ژنی لەم جۆرەمان هەیە تۆ ئەگەر دێیت ئەم تاوانانەی وەکو بانگەشەی حزبەکەی بە چالاکی و ئازایەتی و کاری ژنانە بۆ دەژمێریت ئەوا تۆش وەکو ئەو تاوانبارێت ، ئەرکی تۆ سرینەوە ئەم جۆرە سیخوڕە حزبیە پاتریاکییە لە ناو بزوتنەوەی ژناندا ، چونکە ئەو جۆرە ژنانە غەدر لە ووشەی ژنێتی و مرۆڤایەتی و هەموو شتێکی پیرۆز دەکەن. ئەو جۆرە تازە گەشتوون بە قۆناغێک لە تاوانکاری کە ناتوانن چارەسەری خۆیان بکەن ، بەڵکو پێویستە ئەو ژنانەی خۆیان بە فمینیست دەزانن ١-ئاگایان لەوە بێت نەکەونە ژێر کارگەری بیرو بۆچوونی لە بنەمادا تیرۆریستی و پاتریاکی ئەم جۆرە ژنانە لە ڕووکەشدا بە چالاکی و مەزنی بۆ تۆمار کراو ٢- پوولی نێو دەستەکانیان بخەنە ڕوو بۆ ئەوەی بۆ هاوکردارەکانیان ببن بە نموونەیەکی قێزەوەن کە لەو جۆرە ژنە لە نێو کورددا تەشەنە نەکات. بنبڕ کردنی ئەو جۆرە کردارە دیکتاتۆریە کە لە لووتکەی تاوان و نەخۆشیە دەروونیەکانی سیستەمی پاتریاکی و دڕندەیی مرۆڤ لە ئەستۆی ژنی فمینیست و مرۆڤی مرۆڤخواز و ڕاستیخواز دایە.

١١) ئەو ژنەی کە ڕەخنە لە خۆی و حیزب و ڕێکخراوەکەی بگریت پێی شێتگیر دەبێت و دەکەوێتە سەرزەنشتی ڕەخنەگرتوو پێی وایە ئەو کارانەی کە کراوە زۆرە و زۆر گەورەن ئەو ژنە فمینیست نیە، چونکە فمینیست بەردەوام لە ڕەخنە لە خۆ گرتن دایە بۆ ئەوەی بگات بە حەقیقەت ، بەردەوام لە خوێندنەوەی خۆیدایە بۆ ئەوەی هەڵەکان بدۆزێتەوە ، هەمیشە ڕەخنە بەختەوەری

دەکات بۆ ئەوەی هۆی بەتاڵی نیوەبەتاڵی پەرداخەکە بزانێت بۆیە ئەو جۆرە مرۆڤانە چاکتر وایە لەوە خۆیان دوور بخانەوە کە بانگەشەی فمینیستی بکەن.

١٢) ئەو ژنەی باسی مافی ژن دەکات و خۆی بە سمبولی فیمنستی پیشاندەدات بۆ ئازادی ژنان و خۆی ئازادی ژنانی دیب پێشێل دەکات بە شێوە جیاوازەکان کە دەکرێت هاوسەرکردن بێت لە گەڵ کەسێکی ژندار ، یان پەیوەندی خۆشەویستی لە گەڵ پیاوێکی ژنداردا دەبەستێت نە داکۆکیکاری مافی ژنە و نە فیمنستیشە

بە داخی گرانەوە کە ئێمە پاش ١٣ ساڵ سەربەخۆی هێشتا ئەو جۆرە کێشە شەرمەزارکەرەمان هەیە کە دەبوو ئێستا لە بری ئەوەی باسی کیشەی ژنانی خۆ بە بەرگریکاری بە هەموو بگەشتینایە بە چارەسەری کیشەی ژنانی بەش مەینەتی نەتەوەکەمان نەک بڵێین تۆی داکۆکیکار سەرەتا خۆت لە گوناهەکان پاکژ کەرەوە بۆ ئەوەی خەباتەکەت سوود بەخش بێت .

ژن پێویستە لە خۆی بپرسێت ئایە خۆشی تاوانبار نیە لە چەوساندنەوەی خۆی و هاوڕەگەزەکەی ؟ کە ئەو خۆرە ئاکارە واتای چەوساندنەوەی دەروونی خۆی و ژنانی دی دەکات ، لە خۆی بپرسێت بۆ پیاوانێک لە پێشمەرگایەتی و عەسکەری و هەڵویستەکانی دیشدا خۆی کردووە ودەکات بۆ قوربانی بۆ هاوڕێکەی ، ژن بۆ ناتوانێت ئەو قوربانیەی تێدا بێت بۆ هاوڕەگەز و هاوڕێ ژنەکەی لە کاتێکدا گەورەترین قوربانی بۆ پیاو دەدات ؟

ئەوانەی سەرەوە کورتکراوەترین دەبڕینن لەو دیاردانەی ئەمڕۆ لە ناو زۆرێک لە ژنان / ئافرەتان / خانمان ی بە ناو فمینیست یاخو داکۆکیکاری مافی ژن یان ڕۆشنبیر دەردەکەوێت. ئەگەر لە ناوەرۆکی ئەو خالانە وورد بینەوە هێندە ساویلکەو ساکار و نەشیاون مرۆڤ شەرم لە خوێندنەوەی دەکات، بەڵام ئەگەر لە ڕووی زانستی دەروونی وکۆمەلایەتیەوە ، سەیری بکەین هەر یەک لە وانە جۆرەها نەخۆشی دەروونی گرێی خۆ بەکەم زانین و لە هەمان کاتدا منی باڵاو ئەوی کەم و سادیەت و دروست بوونی کارتوونی بە بێ توانای خۆی و جۆرەها نەخۆشی دەروونی دی تێدا دەردەکەوێت ئیتر چۆن مرۆڤگەلێک شەرم لە هەبوونی ناکات لە نێو ئاکار و کردار و تێڕوانینیدا بێت بۆ خەباتی ژیان و مێژووی خۆی هەر یەک لە کەسانی ئەنجامدەری ئەو تەوەرانەش جۆرەها ناتەواوی ڕۆشنبیری و مەعریفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هوشیاری و بارودۆخی دەروونی هەیە کە پاڵنەرە بۆ ئەوەی بیکات بە خۆراکی ئەو جۆرە فایروسانە.بۆیە پێویستە کاتێک باس لەمانە دەکرێت لە لایەن هەر کەسێکەوە شەرم بکات بە فیمنست ناوی بهێنێت و بیانخاتە خانەی فیمنستی و تەنانەت داکۆکیکاری مافی ژنیشەوە .

وەکو سەرەتا گووتمان پێویستە ژن – ئافرەت خۆی بخاتە نێو تاقیگەی هۆشیاری و دەروونی خۆیەوە، خۆی تاقی بکاتەوە و بزانێت ئەو کێیە؟ ئایا هیچ کام لەو سیفاتانەی تێدا بوو کە ئاماژەمان پێکرد ؟! ئەگەر تێدایە تا چەند دەتوانێت خۆی چارەسەر بکات و ئەو سیفەتەش وەکو یەکێک لە نەخۆشیە کو شندەکان بزانێت کە پێویستی بە چارەسەر کردن لە بنەوە هەڵکێشان هەیە. ئەگەر ڕاست بوو لە گەل خودی خۆیدا ، لە گەل ناخی خۆیدا گفتوگۆی دروست کرد و گەشت بە دەرئەنجامی ڕاستەقینە دەتوانێت چارەسەریشی بکات و بەڵام ئەگەر بە

پەنجەی غرور بەر چاوی خۆی سڕی و وایزانی هەموو ئەوانەی کردوویەتی و دەکات خەباتێکی ڕاستە ، ناتوانێت بگات بە دەرئەنجامی ئۆمێدبەخش.
کاتێک ژن لەو تاقیگەدا پەڕاوەکانی خودی خۆی دەردەهێنێت ، ئەو کات دەتوانێت ئامانجەکانی دی دەستنیشان بکات ، لەوێوە هەوڵ بدات پڕچەکی هۆشیاری و مەعریفی بکات لە ڕووە جیاوازیەکانی ژیانەوە بۆ ئەوەی بەرەو بزووتنەوەیەکی فمینیستی گووتارێکی ژنانە بچێت.
سەرەتای پڕچەک کردنیش بەوە دەست پێدەکات کە چۆن هەنگاوەکانی دەستنیشان بکات بەرەو فمینیزم. ئەو فمینیستیەی کە بۆ جیهانی کوردی پێویستمان پێیەتی ،کە بۆ دەردو مەینەتی ژنانی کورد ئەوانەی هەمیشە دەنگیان خراوەتە نێو سندوقێکی بە ڕووکەش مۆدێرن و بە ناوەڕۆک پاتریاکی و دواکەوتوو.... هەنگاوەکانی ژنانی هۆشیار و فمینیست لە میکانیزمە سیاسیەکاندا سەرجەم دەرگا مەعریفیەکان دەبڕێت و ڕازی نابێت ئامێری بەڵێ کار و جێ بە جێ کار بێت بە بێ ئەوەی لە زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری تێ بگاتبە بەستنی پەیمانی کۆمەلایەتی نوێ .

سەرچاوەکان لە دوا بەشدایە